# پەیامێکی کراوە: بۆ بەر دەست پەرلەمانتارە ئیسلامییەکانی کوردستان ... میر هۆشمەند

پاش ئەوەی لە ساڵی 1992 پەرلەمانی کوردستان بەهەر جۆرێك بوو کەوتە سەر راسە، سەر راسەی دەوام کردن و کۆبونەوە نەك شتێکیتر، ئەو پەرلەمانەی کە هەرگیز نەیتوانی بەردێك بخاتە سەر بەرد و خزمەتێك بکات بە میللەتی کورد، پەرلەمانێك کە نەیتوانی هەرگیز بەربەست بێت لە درێژە پێدانی شەڕی ناوخۆ و کورد قڕان، بەڵکو زۆربەی پەرلەمنتارە بەرێزەکانی ئەو ئەنجومەنە سەرکردایەتی شەڕ و شاسواری بەرەکانی کورد کوشتن بوون، ئەو بەڕێزانەی کە تەنها لە کاتی دەسهەڵبڕینەکاندا بە خۆ دەهاتن، و زۆربەی کاتەکان ئە هۆڵە گەورە و گرانە لە نیوە کەمتری کورسیەکانی پڕ دەکرانەوە، و جار جاریش پلەی بەرزی مێداقیەتی پەرلەمان و رای جەماوەر وای دەکرد لە مەیدانی حەیوانان کۆببێتەوە.
بەڵێ ئەو پیرە پەرلەمانە ئەو مۆزەخانە زندووە بەو شێوە رای کێشا و پاش ئەوەی کرایە هۆکار و شەرعیەت بۆ دەست بەسەرا گرتنی دەسەڵات و داهات و دەرامەتی ئەم میللەتە بەستەزمانە، و بەسەر بردنی رۆژانێکی رەشی نەداری لە سایەی ئەو دەسەڵاتە ناعەدالەتەی هەرێمدا، هەرێمێك کە بووبوە مەیدانی غارغارێن و لەشکرکێشی سوپاکانی دراوسێ، پاش هەموویان باڵاخانەی پەرلەمان درایە بەر تۆپی تۆپە موبارەکەکانی سەرۆکی فەرماندە و ئەو ئالآیەی کە ئێستە پیاو نییە لە هەولێردا هەڵی کات بە سەر سەریەوە دەشەکایەوە.
بەڵێ پاش چواردە ساڵ لە داگیر کاری کوردی ئەو باڵاخانەیە و لە ژێر فشاری حکومەتی ناوەند و لەبەر پاراستنی سومعە ساواکەمان لە ناوەندە نێوە دەوڵەتیەکاندا، وادەی هەڵبژاردن هاتەوە و بە ناچاری یەکێتی و پارتی رازی بوون بە هەڵبژاردن بۆ دووبارە وەر گرتنەوەی شەرعیەت لە قورگی میللەتە بێ زاکیرەکەی کوردستان کە هەرگیز دوێنێی لە بیر نەبوە و هەرگیزیش ماوەی ئەوەی نادەن بیری لێبکاتەوە، یان بتوانن دەرسێك لە نەهامکەتیەکانی رابردوو وەرگرن بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەی نەهامەتیەکان.
ئەم جارەیان پەرلەمانەکەمان پانزە پەرلەمناتری ئیسلامی و چەند کەسێکی تریشی تێدایە، و تەنها عەلمانیە زلهێزەکان نین بۆ خۆیان تار تارێنی تێدا بکەن و بە کەیفی خۆیان بیبەن و بیخۆن، بەڵام ئەوەی کە لەم رۆژانەدا بەر گوێی بیسەر و بەر چاوی بینەر و خوێنەر دەکەوێ دەرخستنی رووی راستەقینەی بیر و هۆشی عەلمانیەتی کوردییە کە دەیانەوێ لە نوسیەنەوەی دستور و یاسای بنەڕەتی کوردستاندا بە هەموو شێوەیەك باس لە ئایین و ناسنامەی ئەم میللەتە نەکەن و وەك بڵێی بێ ناسنامەیە و پێویستی بە ئایین نییە لە دستوردا وەك هەموو میللەتانی جیهان دیاری بکرێت.
باشە ئەی ئیسلامییەکانی پەرلەمان و چەندان زانا و کەسایەتییەی کە لە لیستی پارتی و یەکێتیدا هەن دەبێ تا کەی بێدەنگ بن لەم هەموو بێ شەرمی و بێ ئەدەبییەی کە دەکرێ بەرانبەر ئایین و بەهاکانی میللەتی کورد تاکەی دەبێ بە هاوپەیمانییەتی کوردی دەمی خۆیان ببەستن و نەتوانن قسەیەکی حەق بکەن و هەمیشە بەوەی نەوەك ئاسایشی نەتەوەی کورد بکەوێتە خەتەرەوە، نەوەك برادەرانی هاوپەیمان ناڕەحەت بن، و نەك بەرژەوەندی باڵای میللەت بکەوێتەوە خەتەرەوە وەك بڵێی ئایین و موقەدەساتی هاوڵاتیانی کوردستان بەشێك نەبێت لە بەرژەوەندیە باڵاکانی وڵات.

لەم رۆژە بە دواوە ئیتر میللەت پێویستی بە راستی و شەفافیەت هەیە، لەگەڵ دەرخستنی هەموو گەندەڵیە ئیداری و مالییەكاندا میللەت پێویستی بە جۆرێكی تری دەرخستنی گەندەڵیەكان هەیە كە درۆ و گەندەڵیە فیكرییەكانی سەركردایەتی كورد هەیە دەبێ میللەت و جەماوەر باش بزانن كە سەركردەكانیان چیان دەوێ و بۆ چێ هەوڵ دەدەن و ئایا تا چەند راست دەكەن لەگەڵ ئەو دروشمانەی بەرزیان كردۆتەوە، ئایا چەندە دەبێ متمانەیان بە ئاسایش و پۆلیس و دەزگاكانی حكومەت و حزبی دەسەڵات هەبێت كاتێ ئاوەها بیر و هۆشێكیان لی دەوەشێتەوە و تەنها بیر و هۆشیان لای پارە و پوولە، هەر گیز بیریان لە سەر خستنی ئایین و رەوشت و بەها باڵاكانی كورد نەكردۆتەوە.

دەبینین ئێستە وەزارەتی پەروەردەی نا دروستی هەرێمە دوولەتەكە خەریكی بە لاتینی كردنی زمان و تێكەڵ كردنی كوڕان و كچانی كورد، و تەنها خەم و خەفەتیان زۆری دەرسی ئایین و ماندوو كردنی منداڵەكانمانە بە قورئان لەبەر كردن بۆیە دەبێ خوێندنی ئایین هەڵگیرێ لە قوتابخانەكاندا، و چەندان بیرۆكە و نەخشەی شەیتانیانەیان بۆ ئەو میللەتە خەوتووە كێشاوە، بۆیە میللەت دەبی وەك چۆن داوای نان و ئاو و كارەبا و ئاسایش دەكات دەبێ داوی پاراستنی بەها و قیەم و موقەدەساتیشی بكات، ئەم ئەركەش سانا نییە و دەبێ لایەنە ئیسلامییەكان و زانایان و كەسایەتییە نیشتمانییەكانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان بە گەرم و گوڕییەوە بچنە مەیدانی هۆشیار كردنەوەی میللەت و هاوڵاتی و جەماوەر جۆش و خرۆش بدەن بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئاوەها بیرۆكە و دژایەتییەك كە بكرێت بەرانبەر ئایین و موقەدەساتی كورد لە لایەن هەردوو حزبە عەلمانیە دژە دینەكەوە.